# ئایدۆلۆجیا

## نەخۆشییە ترسناکەکەی ناو ڕەخنەی ئەدەبیی کوردی



**د. هێمن عومەر خۆشناو**
لەدایکبووی ١٩٨٣، دکتۆرا لە ئەدەبی کوردی
چەند کتێبێکی لە بواری زمان و ئەدەبی کوردیدا
چاپکردووە. چەند وتاری بڵاوکراوەی هەیە.



ئەم نووسینە خوێندنەوەیەکە لەبەر رۆشنایی (رەخنەی رەخنە)، سەبارەت بە بەرجەستەبوونی ئایدۆلۆجیا لەناو رەخنەی ئەدەبیی کوردیی و، جۆر و مەترسییەکانی لەناو کاروانی ئەدەبیاتی کوردی و هێڵە گشتییەکانی پشت ئەو بەرجەستەبوونە و کاریگەرییەکەی بەسەر کزبوونی دەنگی رەخنەوە دەخاتە بەر نەشتەری لێکۆڵینەوە.

بۆئەوەی لە پەیوەندی نێوان ئەدەبیات و ئایدۆلۆجیا بگەین و سنووری هەردوو چەمک و جۆر و چۆنیەتی تێکەڵبوونەکان دەستنیشان بکەین، دەبێت سەرەتا هەردوو چەمک بناسێنین و ئەنجا لە پەیوەندییەکانیان تێبگەین:

ئەدەبیات: ئەگەر ئەدەبیات بە هەموو ژانرەکانی ناویەوە، هەموو ئەو هەست و پەیامانەی ناخی مرۆڤ بێت و چۆنیەتی دەربڕینەکەی لە رێگای زمان یان نووسینەوە و بە پاڵپشتی ئەندێشە و خەیاڵ و چێژی زمانییەوە بێت، ئەوا ناکاتە ئەوەی کە بە ئایدۆلۆجیاوە خۆی گرێ بدات، بەو پێیەی ئایدۆلۆجیا بریتییە لە فەرزکردن و سەپاندنی بیرۆکەیەک بەسەر کار و کردەوەکانی مرۆڤەکەوە، واتە کردەوە و هەنگاوەکان مەحکومی دەستی بیرۆکەیەک بن و نەتوانن لێی لابدەن. ئەگەرچی لە سەدەی نۆزدە و سەرەتای سەدەی بیستەمدا ئەم بۆچوونە گۆڕانکاری بەسەردا هات و لە کۆمەڵگەیەکی وەک رووسیای جاران و سۆڤیەتدا لەبەر کاریگەریی تین و تەوژمی ئایدۆلۆجیا لە ژیانی سیاسیی و کۆمەڵایەتیدا دەبوایە ئەدەبیاتیش لە خزمەتی ئامانج و ستراتیژییەکانی دەوڵەتدا بێت، هەر لەبەرئەوەش بوو بۆ خۆدوورگرتن لەو خزمەتە ئایدۆلۆجییە بزووتنەوەی شێوەخوازی (فۆرمالیسم) دروست بوو، کە بتوانێت لە رێگەی بایەخدان بەشێوە و دیوی دەرەوەی تێکست، مومارەسەی بۆچوونەکانیان بکەن و تەعبیر لە ئازادییەکانی کۆمەڵگە بکەن.

هەرچی ئایدۆلۆجیایە وەک زاراوە و خۆگونجانی بۆ ناو ئەدەبیات (لە سەرەتادا واتای زانستی بیری دەگەیاند، ئەنتوان دستوت دی تراسی فەیلەسووفی فەرەنسایی یەکەمجار ئەو تێگەیەی وەک (ideologie) بەکارهێنا ئەوەش لە کتێبەکەی خۆیدا بوو لە ساڵی ١٨٠١، لەسەر ئەم بنەمایە زاراوەکە بەرامبەر ئەو زانستە وەستا کە لێکۆڵینەوە لە بیر و هزر بکات بە لێکۆڵینەوەیەکی زانستییانەوە، هەروەها بە پەیڕەوکردنی هەموو رێسا زانستییەکان بەرێک و پێکی)(١) هەر لە میانی ئەو پێناسەیەی دی تراسییەوە، ئایدۆلۆجیستەکان گرنگیان بە لێکۆڵینەوەی هزر داوە کە پشت بەو راستییانە دەبەستێت لە راڤەی کۆمەڵایەتی و هەموو ئەو چەمکانەی لەناو واقیعدا خۆیان بەرجەستە دەکەن.

زاراوەی ئایدۆلۆجیا بە گۆڕانی کات و سەردەم، گۆڕان بەسەر تێگەیشتنیدا هاتووە، تەنانەت مارکس کە یەکەم کەس بووە زاراوەکەی لەناو کۆمەڵناسیدا بەکاربردووە ئەویش بۆ بنیادنانی هزری فەلسەفەکەی، کە فەلسەفەی ماددی مێژوویی بوو، زۆر رەخنە لە هزری چەپەکان (بەتایبەتی چەپەکانی ئەڵمانیا) دەگرێت و پێیوایە لەبن مزگێنیدان بە ئازادیی تاکەوە پشت بە گریمانەی پروپووچ دەبەستن، کە هزرێکی ئایدۆلۆجی خەیاڵییە، چونکە وەک پەرەسەندنێکی واقیع پشت بە مێژوو نابەستێت، تەنانەت بانگیان دەکات و دەڵێت: ئێوە مێژووی واقیع وەلاوەدەنێن و بیر و هۆشتان پڕ لە خەیاڵ و وەهم دەکەن و ئایدۆلۆجییەکی نازانستی پەیڕەو دەکەن(٢).

لێرەدا ئایدۆلۆجیا نەک هەر بۆ تەفسیری مێژوویی، بەڵکو بۆ راڤەکردنی چەمکەکانی دیکەش و لەنێویشدا ئەدەبیات پەلی هاویشت و لە زۆر شوێن و کاتدا پەلهاویشتنەکە ئەوەندە چڕبوویەوە ئایدۆلۆجیا حوکمی بەسەر مەبەست و ئامانجەکەدا دەکرد و چەمکە ئەدەبییەکە تەنیا دەبووە ئامراز و وەسیلە بۆ گەیاندنی هزرە سەپێندراوە تاکگەرایی و چەقبەستووەکەوە.

## ئایدۆلۆجیا و دەقی ئەدەبی:

ئەگەرچی ئێمە لەم نوسینەماندا زیاتر لەسەر بواری ڕەخنەدا دەسەنگرییەوە، بەڵام لە سۆنگەی ئەوەی ڕەخنەش لەسەر بنیادی دەق پەرەدەستێنێت، بۆیە گرنگە قامک بخەینە سەر ئەو تارماییانەی کە لە کاروانی نووسینی تێکستی ئەدەبیدا(بەتایبەتی شیعر) بۆن و تامی ئایدۆلۆجیان لێوەدێت.

شیعری کلاسیکیی کوردی وەک شیعری میللەتەکانی دەوروبەری، زۆر بە کەمی ئەو هەوری ئایدۆلۆجیایەی بەسەرەوە دیارە، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە لە هیچ کام لەم نەتەوانەی دەوروبەری، لە سەدەکانی ڕابردوودا شیعر وەک پەیامێکی ئەدەبی، ئەوەندەی تەعبیرکردن بووە لە خەمی گشتی و باسکردنی ئەو شتە گشتییانە بووە کە لە زاتی هەرکەسێکدا هەیە، ئەوەندە سەپاندنی بیرۆکە و هزرێک نەبووە کە وەک شتێکی نامۆ و تایبەت خۆی نیشانبدات، لەبەرئەوە ئەگەر بنەماکەشی لەسەر ئایدۆلۆجیایەک داندرابێت، ئەوا لەناو تێگەیشتنە گشتییە کۆمەڵایەتییەکەدا شیعری کلاسیکی کوردی وەک شیعری فارسی و عەرەبی پەیامێکی ڕوون و شێوازێکی گشتی هەبووە. هەربۆیەش شاعیرێکی کورد بە چەند زمانی نووسیوە و لە هەموو زمانەکانیدا یەک پەیامی تایبەتی هەبووە کە بۆنی سەپاندنی هیچ هزرێکی لێوەنایەت هەر لەبەرئەوەش بووە تەنانەت ناسیۆنالیزم و نەتەوەپەروەریش وەک ئایدۆلۆجیا خۆی نیشان نەداوە، تا دوای ئەوەی سستەمی دەوڵەت دروست دەبێت و لە ئەنجامی ستەمکردن لە نەتەوەی کورد و بایەخدان بە سیاسەت، ئەنجا شاعیری کورد پەیامەکەی دەگۆڕێت و بە بۆن و بەرامەیەکی ئایدۆلۆجیانەوە دێتەوە نێو شیعری کوردی. هەتا ئێرە ئەدەب وەک موڵکی یەک کەس و یەک نەتەوە و یەک لایەن خۆی نیشان نەداوە، بەڵکو پەیامێکی جیهانی و مرۆڤدۆستی و تەقلیدی هەبووە. جا شیعرە ئایینی و نەتەوەییەکانیش مۆرکێکی تایبەتیان بە شاعیرەکە نەداوە و نەیانخستۆتە ناو قاڵبی ئەوەی مەحکومی ئایدۆلۆجییەکی تایبەتی بێت، واتە بۆ نمونە لەناو شیعری ئایینیدا مەحکومی دەستی ئایدۆلۆجیا بێت، چونکە وەک بنەمایەک بۆ شیعر نووسین شاعیر ناچاربوو بۆ هەموو جۆرەکانی شیعر و لە هەموو مژار و بابەتە باوەکانی ئەوسای شیعری کلاسیک دەبوایە شیعری نووسیبا، ئەگەر بۆ خۆی هەر ئایدۆلۆجیایەکی هەبوایە، نەیدەتوانی بە ئاشکرا و بە زەقی لە شیعرەکانیدا ڕەنگی بدابایەوە.

## ئایدۆلۆجیا و ڕەخنەی ئەدەبی:

ئەگەر (ئەدەب داهێنانێکی ئاوێتە و تێکەڵ بێت، ئەوا ڕەخنە داهێنانێکی شرۆڤەییە، هەردووکیان بەیەکەوە پەیوەستن، ڕەخنەیەکی داهێنانکارانە بەبێ دەقێکی پڕ لە داهێنان پەرەناستێنێت و هەروەک ئەدەبیش بە بێ ڕەخنەیەکی داهێنانکارانە گەشەناکات)(٣)، ئەم تێکەڵبوونە وایکردووە بەیەکەوە بەندیواربن، بەتایبەت لەوەدا کە ڕەخنە وەک کردەیەک بە پاڵپشتی تیۆرەکانی تایبەت بە ئەدەبیات هەڵسەنگاندن بۆ دەقێکی ئەدەبی دەکات و حوکمی باشی و خراپی و زانستی و نازانستی و گونجان و نەگونجانی بەسەردا دەدات لە ڕێگای شیکردنەوە و بە پێوەرەکانی تیۆری ئەدەبی، لەم بوارەشدا ڕەخنەگر بە توانا و سەلیقە و زانستەکەیەوە دەقەکە شیدەکاتەوە، بێ ئەوەی بۆچوون و هزرەکانی خۆی بسەپێنێت، چونکە ئەگەر بۆچوونەکانی سەپاند کردەکە دەبێتە ئایدۆلۆجیا و لە ڕەخنەی بابەتی دووردەکەوێتەوە و بەرەو ڕەخنەی خودی هەنگاو دەنێت. لەو بوارەشدا کەم تا زۆر کەلەپووری نەتەوە (لەنێویشیاندا ئەدەبیات بە هەموو ژانرەکانییەوە) ڕووبەڕووی ئەو جۆرە ڕەخنەیە بۆتەوە و بە زاڵبوونی ئایدۆلۆجیا بواری ڕاڤەکردن و گواستنەوەی زانیارییەکانی دەقی بۆ نەوەی ئێستا شێواندووە، چونکە لەلایەک لە مێژوو

و ئەوەی لەناو مێژوودا هەیە دەڕوانرێت، بەڵام بە چاویلەکەی ئێستاوە، لەلایەکی تر ئەو ئێستایە بە ئایدۆلۆجیایەکی وشک و تایبەتەوە بارگاوی کراوە و وایکردووە تەنیا لە ڕێگەی چاویلکەی ئەو ئایدۆلۆجیایەوە دەقەکان شرۆڤە بکرێن، ئەمەش بۆ کاروانی ڕەخنەی ئەدەبیی هەر نەتەوەیەک جێی مەترسییە و ئاوەژووکردنەوەی ڕاستییەکانی لێ شین دەبێت و ئەو ئیستێتیک و جوانییە خۆرسکەی ئەدەبیات بۆ سستەمێکی وشکی تێگەیشتن و پڕ لە ڕەتکردنەوەی ئەوانی دیکە دەگۆڕێت.

## سیکۆلاریزم و ئایین وەك دوو ئایدۆلۆجیا لەناو ڕەخنەی نوێی کوردیدا:

لە دوای چارەکی یەکەمی سەدەی بیستەم و دوای هەڵوەشاندنەوەی خەلافەتی عوسمانی و داگیرکردنی بەشێک لە خاکی ڕۆژهەڵات لەلایەن ڕۆژئاواوە و دروستبوونی پارت و بنەماکانی ناسیۆنالیزم و دەوڵەت و نەتەوەپەروەری، ئایدۆلۆجیا بووە چەکێک بۆ شەڕی نەتەوە و ئایین و مەزهەب و پێکهاتە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگە، تەنانەت بووە بناغەی دروستبوون و لەسەرپێ وەستان و گەشەکردنی پارت و کۆمەڵەکان، هەروەک زۆربەی لایەنەکانی ژیان بەوەوە گۆش دەکران و لەم ڕووەوەش یەکێک لەو ڕێگایانەی کە ئایدۆلۆجیای پێدا دەرباز دەبوو بریتی بوو لە ئەدەبیات، ئیدی ئەدەبیات ئەو پێکهاتەیەی جارانی نەما و پێویستییەکانی واقیع لەنێویشیدا (ئایدیۆلۆجیا) وایکرد شیعر ڕۆڵ وئەرکی خۆی بگۆڕێت و لە بەرژەوەندی ئەودا ئەسپی خۆی تاوبدات. ڕەنگە کورد لە ناوچەکەدا دواهەمین نەتەوە بووبێت کە بەبیری ئایدۆلۆجییەوە ڕەفتاری لەگەڵ ئەدەبیات کردبێت، بەڵام سیمایەکانی لەناو ڕەخنەی ئەدەبیشدا بە ڕوونی و کاریگەری تێدا دەبینرێت.

پەیدابوونی بزاڤی کۆمۆنیزمی لە ناوچەکەدا و سەرهەڵدانی بیری دژە ئایینی بە بەرگێکی ئایدۆلۆجیانە لە سییەکان و چلەکانی سەدەی ڕابردوو بەدواوە، لەناو بزاڤی ڕۆشنبیری کوردیدا پەیدابوو. ئیدی مژار و بابەتی شیعری کلاسیک بەرەو گۆڕانکاری چوون، لەکاتێکدا پێش ئەمە ڕوانینێکی دیکەی نەتەوەیی بێ ئایدۆلۆجیانە پەیدابووبوو کە هەستی ئیلتیزامی داوادەکرد، بێ ئەوەی هزری خۆی وابسەپێنێ کە بۆنی ئایدۆلۆجیای لێ بکرێت، بەڵکو لە ڕوانگەی خوێندنەوەی واقیعەکەوە دەیەویست لە ڕێگەی شیعرەوە خزمەتی گشتی بکرێت نەک تەنیا ئاوات و بەرژەوەندییەکانی ناخ و خودی شاعیر بێتەدی. لەم نمونەیەشدا ئەحمەدموختار بەگی جافە کە دێت و دەڵێت:

**شاعیرانی کورد بەسە، بەس باسی زوڵف و چاو بکەن**
**کەم خەیاڵی پەرچەم و کاکۆڵی ئاڵۆزاو بکەن**
**لابدەن کەم باسی سونبول یا لقی لاولاو بکەن**
**ئێوە تەدبیرێکی حاڵی قەومی دڵسووتاو بکەن**
**زووبەزوو تا ئیش لەدەس دەرنەچوە سا هەوڵێ بدەن**
**ئێوە تەعریفی مەی و پیاڵە و گوڵ و سەهبا ئەکەن**
**دائیمەن هەر باسی لەنجە و قامەتی ڕەعنا ئەکەن**
**سەرخۆشی خۆشە وە یا سەربەستی؟ بۆ چی وا ئەکەن**
**تاکوو کەی ئێوە قسەی وا پووچ و بێ مەعنا ئەکەن**
**زووبە زوو تا ئیش لەدەس دەرنەچوە سا هەوڵێ بدەن(٤)**

ئەم ڕەوتە کە ئەحمەدموختار تێیدا دیارترینیانە دەیەوێت شاعیران لەو بوارە تەقلیدییە چەقبەستووە ڕزگار بکات و مژارەکانیان بەرەو واقیع بگۆڕن، کەچی لە بەرامبەردا و لە دوای قۆناغی ئەحمەد موختاردا چ وەک شاعیر و چ وەک ڕەخنەگر، مژارەکانیان بەگوێرەی ئایدۆلۆجیای کۆمۆنیزمی ئەو بزاوتانەی ئەوسا باوبوون ئاوێتەی دەقەکانیان دەکەن و ئەم جۆرە بۆچوونە بەدرێژایی سەدەی بیستەم بەردەوام دەبێت.

**ئایدۆلۆجیا و شاکارە جیهانییەکان:**

هەر لەسەر بنەمای ئایدۆلۆجی بوونەوە، زۆر جاران نووسەر و ڕەخنەگر وەها چەقبەستوو دەکات، کە جگە لە بیروڕای خۆی هیچ بیروڕایەکی دیکەی ناکەوێتە بەرچاو، تەنانەت لەناو ململانێی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا ئەو هەمیشە ڕۆژهەڵات بەبێ شاکاری ئەدەبی و فەلسەفییەوە دەبینێت و لە بەرامبەریشدا ڕۆژئاوا و بێهێزترین دەقی ئەدەبی ئەوێ، بە باشترین و بەهێزترین دەبینێت. لەکاتێکدا پێچەوانەی خودی ڕوانینی ڕۆژئاواییەکانیشە کە سەردەمانێک شاکارێکی وەک (کۆمیدیای ئیلاهی)ی (دانتی) بە بۆن و بەرامەی ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتەوە فرچک دەگرێت و دەنگی چەندانی وەک سەعدی و حافز و مەولانای ڕۆمی لەوێ بە شاکاری مەزن دەخەملێندرێن، کەچی بابای نووسەر و ڕەخنەگری ڕۆژهەڵات هیچ ئاوڕێک لە ئەدەبیاتی کلاسیکی خۆی ناداتەوە و بە پاساوی مۆدێرنێتە یان بە پاساوی دژە ئایین و بە بانگەشەی سیکیۆلاری شاکارەکانی خۆی وەلاوەدەنێت و لەبەرامبەردا بە دەقەکانی ڕۆژئاوا سەرسام دەبێت، ئەگەر دەقەکە یان نووسەرە ڕۆژئاواییەکە فرچکی بە ئایینەکەی خۆشیەوە گرتبێت.

ئەم حاڵەتە زیاتر ئەوکاتە پەرەی سەند، کە تیۆرە نوێیەکانی ئایدۆلۆجیا وەک سۆسیالیستی و کۆمۆنیستی لە جیهانی ئیسلامیدا پەیدابوون و میتۆدی ئایدیۆلۆجیی سۆسیالیستی و میتۆدی ماددی لە گۆڕەپانی ڕەخنەی عەرەبیدا بوونە کەرەستەی ڕەخنەگرانی وەک (محەمەد مەندور و حسین مروە و سەلامە موسا و عزالدین ئیسماعیل و محمد برادە) و کەسانی دیکە و لەوانیشەوە بۆ وڵاتانی دیکە و لەوێشەوە بۆ ناو ڕەخنەی کوردی گواسترایەوە. پێشتریش ئەمە وەک میتۆد (لەلایەن یەکێتی نووسەرانی سۆڤیەتەوە لە ساڵی ١٩٣٤ بڕیاری لەسەردرا و بەناوی ڕیالیزمی سۆسیالیستی، کرایە میتۆدی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی تێگەیشتنی مارکسیی لینینی یان ماددیی و دیالێکتیکی و خرایە ناو بواری ڕەخنەی ئەدەبی)(٥) و وەک بەرگێکی دروستکراوی ئایدۆلۆجیانە بەبەر ئەدەبیاتدا کرا. ئەگەرچی دواتر و دوای هاتنی قوتابخانەی دیکەی ڕەخنەیی بۆ ناو ئەدەبیاتی عەرەبی، گلۆڵەی ئایدۆلۆجیای بەرەو لێژی برد، بەڵام هەتا ئێستاش لەناو ڕەخنەی کوردیدا ئەم بابەتە دەقی گرتووە و بە تەواوی کاڵ نەبۆتەوە.

**ڕەنگە کورد لە ناوچەکەدا دواهەمین نەتەوە بووبێت کە بەبیری ئایدۆلۆجییەوە ڕەفتاری لەگەڵ ئەدەبیات کردبێت.**

جا ئەگەر وردتر ببینەوە و ڕەوتی نوسینی کوردی بە نمونە وەربگرین، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە زۆر بەکەمی دەبینرێت ئەدیب یان ڕەخنەگرێکی سیکیۆلار بایەخ بە ئەدەبیاتێک یان بە ئەدیبێکی جیهانی بدات کە پاشخانێکی ئیسلامییانەی هەبێت، نەک لەبەرئەوەی بابای سیکیۆلار باوەڕی بە ئایین نییە، بەڵکو بە چاویلکەیەکی ئایدیۆلۆجیانەوە دەڕوانێتە ئایینی ئیسلام (نەک ئایینەکانی تر)، بۆ وێنە ئەدیبێکی جیهانی ڕۆمانێک لەژێر ناونیشانی تێگەهـ یان سیمبول و هێمایەکی دیان (کریستیان) ان دەنووسێت، چونکە نووسەرە ڕۆژئاواییەکە کاریگەری کولتوور و ئایینی مەسیحییەتی بەسەرەوەیە، کەچی نووسەر و ئەدیبی کورد بە شانازییەوە بۆ کوردیشی وەردەگێڕێت و لە پانتایی ڕەخنەی کوردیشدا وتاری ڕەخنەییشی لەسەر

**مەیدانی ڕەخنە و ئەدەبیات دەبێت لە ئایدۆلۆجیا دابڕێت تا ئامانج لێی گەشەی هزر و مەیدانەکە بێت.**

دەنووسرێت. لێرەدا ئێمە زۆر بە ئاسایی ئەم حاڵەتە وەردەگرین، بەڵام گرفتەکە لە قەڵەمڕەوی ئایدۆلۆجیادایە کە نەیهێشتووە نووسەری کورد لە یەک کاتدا بەرامبەر شاکارە ئەدەبییەکانی هەموو جیهان ڕاستگۆ بێت، بێ ڕەچاوکردنی پاشخانە ئایینییەکانیان.

لەو بارەوە نمونە زۆرن، دیارترینیان تەنیا ئەو ناونیشانانەی سەرەبەرگی ئەو کتێبانەیە لەناو کتێبخانەی کوردیدا کە تەنانەت ناوی کتێبەکان بە ئایینی مەسیحییەتەوە مەزنکراون و ڕەخنەگر و نووسەری کورد ئایدۆلۆجیای دژەئایین وای لێدەکات لەهەمبەر ئایینی ئیسلامدا نیشانەی پرسیار دابنێت و کەچی ئایدۆلۆجیاکەی ڕادەستی ئایینی دیکە بکات. ئەمانە ناونیشانی چەند کتێبێکن لە بواری ئەدەبیدا هەندێکیان نووسراون و هەندێکیشیان کراونەتە کوردی، بە ناوەکانی (مەسیح لە خاچ دەدەنەوەی نیکۆس کازانتێکس لە وەرگێڕانی دلاوەر قەرەداغی. پیاوێک بە خاچەوە، نووسینی میکاڤالتاری، وەرگێڕانی ئەیمەن محەمەد. لەخاچدانەوەی کریست، نیکۆس کازانتێکس، وەرگێڕانی غەفوور ساڵح عەبدوڵلا. مرۆڤ و خاچ و بیر، شانۆگەری مەهدی ئومێد. دواهەمین شەوی دابەزینی عیسای شێرزاد حەسەن، خاچ و مار و ڕۆژژمێری شاعیرێکی شێرکۆ بێکەس و چەندان بەرهەمی دیکەش..)(٦) ، ئەم حاڵەتە لەناو کورددا لە بابەتی ئەدەبیات و فەلسەفەدا ڕەنگیداوەتەوە، بۆ وێنە ئەدیبێکی وەک سەید قوتب و فەیلەسوفێکی فەرەنسایی وەک ڕۆجیەگاروودی لەبەر ناسنامە دیندارییەکەیان بەرهەمەکانیان نابنە مژاری هزر و لێکۆڵینەوەی ڕەخنەیی لەناو کورددا، لەکاتێکدا ئەدیب و فەیلەسوفی هاوشێوەیان زۆر بە گرنگییەوە وەک هێما و سیمبول تەماشا دەکرێن، بەپێچەوانەوەش لە بەشێک لە نووسەرە ئاینپەروەرەکانیشدا ئەو نابابەتیبوونە دەبینرێت. واتە نابابەتیبوونەکە لە هەردوو باردایە، چونکە مەیدانی ڕەخنە و ئەدەبیات دەبێت لە ئایدۆلۆجیا دابڕێت تا ئامانج لێی گەشەی هزر و مەیدانەکە بێت نەک وەسیلەی سەپاندنی هزری دیکە و سەرسامبوونێکی بێ بنەما و ئیزدیواجیبوونێک لەناو بۆتەی ئایینەکان و سەپاندنی ئەو ئایدۆلۆجیایەی کە دواتر لە گرێی دەروونی و چاندنی ڕق و قینە و نابابەتیبوون زیاتر شتێکی دیکەی لێ شین نابێت.

### ئایدۆلۆجیای ئەدەبیات لە پێش ڕاپەڕین و دوای ڕاپەڕین:

لەپێش ڕاپەڕینەوە هەروەک چۆن ڕەوتی بەناو سیکیۆلار(ئایدۆلۆجیست) خۆی کردە خاوەنی ئەدەبیاتی کوردیی و بە هەناسە و هزری داسەپێنی چەپگەرییەوە لە هەموو ژیانیان دەڕوانی، هەر بەو هەناسەشەوە شرۆڤەیان بۆ شیعری کلاسیکی کوردی دەکرد و تەنیا شیعری شاعیری کلاسیکییان لە بابەتی نزیک لە ئایدۆلۆجیای خۆیانەوە دەویست، ئەمەش بێگومان تەنیا ڕووکەشگەراییەکی ڕووت دێنێتەکایەوە بێ ئەوەی ناوەڕۆک و جەوهەری لەگەڵدابێت. بۆ نموونە ئایدۆلۆجیستە دوور لە ئایینەکە نالی وەک نالیی حەبیبە و مەستوورە و عیشق و دڵداری دەوێت، لە بەرامبەردا تخونی نالیی مەدینە و نالیی پێغەمبەردۆست و نالیی زاهید ناکەوێت، لەکاتێکدا ڕەنگە زۆربەی ئەو

کەرەستە بە رووکەش مێیینی و عیشق و مەی و شەرابەش کەرەستەی سۆفییانە بن، کە ئەمە بۆ مەحویی و جزیریی و شاعیرانی دیکەش هەمان شتە، لەوەشدا ئایدۆلۆجیایەکی موجەرەد شاعیرێک بە نیوەچڵی دەهێڵێتەوە و کامەی لە بەرژەوەندیی ئایدۆلۆجیای خۆیەتی، شاعیرەکە بەو دەناسێنێت. لەکاتێکدا لە ئێستای رۆژئاواشەوە بەوشێوەیە نییە و لە روانگەی سۆفیزم و حاڵەتی مەعنەوییەتەوە بە کەسانی وەک مەولانا کاریگەرن و هەر بەو چاویلکەشەوە بەشێکیان لە ئەدەبیاتی خۆیان دەروانن.

ئەم روانینە بە چاویلەکەی ئایدۆلۆجیانە، بۆ رەوتی ئایینپەروەریش راست دەبێت، بەوەی بابای دیندار هەمان ئەو دیندارەی سەد ساڵ لەمەوبەر نییە، کە (نالی و مەحوی و جزیری)ی لە ئەلفەوە تا یێ قبوڵ بێت، بەڵکو ئەویش بە کاریگەری ئایدۆلۆجیاوە لەناو دینداریدا قووڵ دەبێتەوە، قووڵبوونەوەیەک بە هەوێنی سەپاندنی بیروڕایەک بەسەر بیروڕاکانی دیکەدا و نەهێشتنەوەی بوار بۆ بەرامبەرەکان، لەمەشدا زەرەر بە ئەدەبیات و هەموو ئەو کەرەستانە دەگەیەنێت کە واقیعبینانە شرۆڤە بکرێن. بۆ وێنە بەشێک لە رەوتی دیندار بەتەنیا شیعرە ئایینییە روکەشەکان دەکاتە سەنتەری بەرگریکردن و خستنەناو چوارچێوەی لێکۆڵینەوە و رەخنەوە، تەنانەت بەشێکی دیاری تەسەووفیش دەکاتە دەرەوەی بیرکردنەوەکانی. ئەمە وێرای شیعرە فەلسەفی و گەردوونی و بوارەکانی دیکە. لەم نێوەندەدا بەشێک لە شیعری شاعیرانی کلاسیک دووردەخرێنەوە کە ئەوسا مامۆستایانی ئایینی خاوەنی بوون، کەچی لێرەدا هەر بەشی زۆری مامۆستای ئایینی (خاوەن ئایدۆلۆجیا) لەبەر نەشارەزایی لە چەمکەکانی کلاسیک رەتی شیعرەکان دەکەنەوە و بە چاوی رووکەشانە و ئێستاییانە تەماشایان دەکەن و رەنگە بە گوناهـ و سەرپێچیشی بزانن. جا کە دەگاتە قۆناغی شیعری تازە، لە روانگەی کەسایەتی شاعیرەوە هەموو شیعرەکانیشی رەتدەکرێتەوە، بەوەی مادەم ئایدۆلۆجیای شاعیرەکە لەگەڵ ئایدۆلۆجیای وەرگر (المتلقی) تێک ناکاتەوە، بۆیە دەکەوێتە دەرەوەی بایەخدان پێی.

ئەم بارە درێژەدەکێشێت و لە کۆتایی هەشتاکان و دوای راپەریندا سنووری جیاوازییەکە فراوانتر دەبێت و دەبێتە دوو بەرە، بەرەی شیعری ئیسلامی کە زۆر بە کەمی شیعر و شاعیرەکانی بەرەی دیکە دەخوێننەوە و بە پێچەوانەوەش بەرەی ئایدۆلۆجیای دژەدین یان خۆدوورگرتن لە مژاری دین، بەرەی بەرامبەر ناخوێنێتەوە، بەجۆرێک لەناو مێژووی شیعری هاوچەرخی کوردیدا نمونەی کۆساری و شاعیری دیکە هەن کە بەگشتی لەناو چوارچێوەی رەوتی شیعری سەردەمی خۆیاندا شایانی قسەلەسەرکردنن، کەچی کەس لەسەریان نادوێت و تەنانەت لە بیبلیۆگرافیا و سەرچاوەکانی شیعری و نووسینەوەی کرۆنۆلۆجیا و مێژووی شاعیراندا باسیان لێوەناکرێت و بە شاعیری دینی(ئیسلامی) دەخەملێندرێن. رەوتی دیکەش لەناو گۆڤار و بڵاوکراوەکانیاندا زۆرتر بایەخ بە شاعیرانی سەر بە رەوتی ئایدۆلۆجیای خۆیان دەدەن و وەک ئەوەی ئەوانی تر لەو فەرهەنگەدا نەبن وایە.

ئەم حاڵەتە جۆرێک لە دووفاقی و ئیزدواجییەت دێنێتەکایەوە، بۆ وێنە شاعیرێکی وەک قانع ئەو هەموو شیعرەی هەیە کە بۆنی ئایین و ئاینداری لێدێت و لە شیعرێکیشدا لەبەر بارودۆخی ئەوسا و ژان و ژواری پڕ لە ئازاری میللەتەکەی پەسنی هەر فریادرەسێک دەکات کە گەلەکەی رزگاربکات، ئەگەر ئەو کەسە رابەرێکی کۆمۆنیزمی وەک (ستالین)یش بێت، کەچی رەخنەگر و ئەدیبی گۆشکراو بە ئایدۆلۆجیا تەنیا ئەو پەسنە وەردەگرێت و دەیکاتە ناسنامەی شاعیر و بەرگێکی کۆمۆنیزمیی ئایدۆلۆجیانەی بەسەردا

دەسەپەنێت. یان لە ڕوانگەی فەلسەفەیەکی ماددیگەرای یان هەر بوارێکی فەلسەفی وەک (هایدگەر) و فەیلەسووفەکانی دیکەوە شرۆڤەی شیعری شاعیرێکی وەک جزیری یان مەحوی پێ دەکات و بەخورتی و زۆرەوە لە حەزی ئەوەدایە شاعیریش وەک خۆی، یان وەک خاوەنی تیۆرە مۆدێرنەکە ناسنامەیەکی ئایدۆلۆجی بۆ دروست بکات.

دوای تێپەڕینی بیست ساڵ لە پاش ڕاپەڕینەوە و دوای ئەوەی بەشێک لە نووسەرانی ڕۆژئاوا سەرسامبوونی خۆیان بە هەندێک لە ڕەمزە گەورەکانی ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵات یان ئەدیبانی جیهانی ئیسلامی ڕاگەیاند و چەندین توێژینەوە و کتێبیان لەسەر نووسین، ئیتر لە بەشێک ڕەخنەگر و ئەدیبی خاوەن ئایدۆلۆجیای کورد، بە لاساییکردنەوەی ئەوانەوە دەیانەوێت بەناوی بواری ڕۆحی و مەعنەوییەوە لەو دەلاقە بچنەژوور، کە ئەمە نزیکبوونەوەیە لە قبوڵکردنی بەرامبەر و کاڵبوونەوەی ئایدۆلۆجیایەکە کە پێشتر بەو هەناسەوە غەیری خۆیانیان پێ ڕەتدەکردەوە، بەڵام چونکە لە دەمی ڕۆژئاواوە شیرینە، ئەمانیش لاسایی دەکەنەوە. دیارترین نموونە کەسایەتێکی وەک جەلالەددین ڕۆمی ئێستا لە ڕۆژئاواوە بە قووڵی لێکۆڵینەوەی لەسەر دەکەن و تەنانەت نووسەرانێکی زۆر لە ڕێگای وەرگێرانی شاکارەکەی پێیەوە کاریگەربوون، لە کوردستانیش هەندێک لەوانەی خاوەنی ئایدۆلۆجیایەکی چەپگەران لە نوێوە وەک حاڵەتێکی سۆفییانە و ڕۆحیانە پێیەوە سەرسامن و لەسەری دەنووسن، کە ئەمە دەکرێت بۆ مەولەویی کورد و مەحوی و جزیری و شاعیرانی دیکەشەوە بەبێ ئایدۆلۆجیاوە لە حاڵەتە ڕۆحیی و ئاییني و مەعنەوییەکانیان بڕوانرێت و لێکۆڵینەوەیان لەسەر بکرێت.

## مەلاعەبدولکەریمی مودەڕیس و بوونە قوربانی ئایدۆلۆجیا:

مامۆستا مەلاعەبدولکەریمی مودەڕیس یەکێک لەو زانایانەیە کە سەروکاری زۆر لەگەڵ ئەدەبیات هەیە، وێڕای ئەوەی بەشێوەی تیۆریش لەبارەی چەند زانستێکی ناو ئەدەبیاتەوە کتێبی نووسیوە، هەروەها شرۆڤەی دیوانە دیار و بەرچاوەکانی کلاسیکیشی کردووە، لەو ڕوانگەوە ڕەوتی سیکۆلاری خاوەن ئایدۆلۆجیا، ناوبراوی تەنیا لەو شوێنە دەوێت کە شیعرە بە ڕواڵەت نزیکەکانی لە ئایدۆلۆجیای ئەوان نزیک دەبێتەوە، ئەگەرنا پێویستی بە شرۆڤەی شیعرە ئاینییەکان نییە کە پێچەوانەی ئایدۆلۆجیایەکەیەتی، لەهەمانکاتدا مامۆستا چەند کتێبێکی لەبارەی بیروباوەڕی ئیسلامی بە شیعر نووسیوە، وەک (نووری ئیسلام، نووری ئیمان....) کەچی لە ئاستی ڕەخنەی ئەکادیمیشدا ئاوڕ لەو شیعرانە و لە بەرهەمەکانی دیکەی نادرێتەوە، چونکە سەپاندنی بیر بۆتە چاویلکەی خوێندنەوەکان و لە کوێ سنووری بەرژەوەندیی هزر هەبێت، مەیدانی ڕەخنە و لێکۆڵینەوەش لەوێ دەبێت. بەشێک لە ڕەوتی ئایینداریش مەیدانەکەی بۆ ڕەوتی پێچەوانە بەجێهێشتووە و ئەویش بە چاوێکی ئایدۆلۆجیانەوە لەو شاعیرانە دەڕوانێت و لە چاوی ئەوانەوە شاعیرە کلاسیکییەکان بە نزیک لە خۆیان نازانن، کەچی زۆر ئاساییە دێر یان شیعری شاعیرێکی عەرەبی وەک موتەنەببی یان ئەبونەواس لە نووسینەکانیدا وەک پەسنی بەڵگەیی بهێنێتەوە، بەڵام بە هۆشیاری و بە ترسەوە مامەڵە لەگەڵ شیعر و شاعیری کلاسیکی کوردی دەکات.

ئەمە سەرەتایەکە بۆ لێکۆڵینەوەیەکی تێروتەسەل لەسەر ئەو مەترسییەی ئایدۆلۆجیا لەناو ئەدەب و ڕەخنەی کوردی و ئەو دابەشبوونە دوو ئایدۆلۆجیایەی کە بۆتە بەربەست لە بەردەم

گەشەی نووسین و ڕەخنە و، وایکردووە وەک چۆن ئەم حاڵەتە هەموو کونج و کەلەبەرێکی جەستەی نەتەوەی کوردی گرتۆتەوە، ئەدەبیاتیش لەو نەخۆشییە دەربازی نەبووە و وەک ڕەنگدانەوەی واقیعەکە ئەویش کەوتۆتە بەر ئەم شاڵاوەوە. ئەم شەپۆڵەش زیاتر لە دونیای عەرەبییەوە بۆ ناو کورد هات و ئەو ململانێیەی نێوان تەوژمی ئیسلامی و سیکۆلار لە میسرەوە ئەدەبی ئیسلامی و نائیسلامی هێناکایەوە و بێ ئەوەی لەو نێوەندەدا ئەدەبێکی پابەند بە ڕەنگاوڕەنگی و فرەیی و پێکەوەژیانی بە گوێرەی کۆمەڵگەکە دروست بێت، ئەمەش تا قووڵتر بێتەوە پێکهاتەکان لەیەکتر دووردەخاتەوە و لە کۆتاییشدا لە بەرژەوەندیی ڕەخنە و ئەدەبیات کۆتایی پێ نایەت.

**پەراوێزەکان**

١ الایدولوجیا/ الخطاب/ النص- نحو مقاربة مفاهیمیة، أ.عموری السعید، مجلة الاثر، العدد ١٨، جوان ٢٠١٣، ص١٣٨.

٢ سەرچاوەی پێشوو، ص ١٤٠.

٣ مدخل المناهج النقد الادبی، مجموعة من الکتاب، ترجمة: د.رضوان ظاظا، الکویت، ١٩٩٧، ص٦.

٤ دیوانی ئەحمەد موختار جاف، لیکۆڵینەوەی د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ، چاپخانەی الادیب، بەغدا، ١٩٨٦، ل ١٠٦.

٥ مدخل الی النقد الادبی الحدیث، د.شلتاغ عبود شراد، دار مجدلاوی للنشر والتوزیع ١٩٩٨، ص ٢٣٤.

٦ نمونە زۆرن و لە هێنانەوەی ئەم نمونانەشدا مەبەستمان ئەو گرێ دەروونییەیە کە تەنیا بەرامبەر ئایینی ئیسلام هەیە، کە بەشێک لە نووسەری سیکۆلاری کورد تخوون نەکەوتنی ئایین دەکاتە بنەمای سیکۆلاربوونەکەی، کەچی لە واقیعدا زۆر لای ئاساییە بە سەرسامییەوە بڕوانێتە ئایینی زەردەشتیەت و مەسیحییەت، کەچی بۆ ئیسلام پێی وایە دوورکەوتنەوەیە لە پرەنسیپی سیکۆلاربوون، لە کاتێکدا فەلسەفە و ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵات مولکی جیهانی ئیسلامییە و ناکرێت بە ڕق و ئایدۆلۆجیاوە سەیری ئەو کەلەپوورە بکرێت، بەڵکو دەبێ بابەتییانە و بێ گوێدانە ئایدۆلۆجیای شاعیرەکە لێی بکۆڵدرێتەوە.